## برا بەردینەکان ... عەبدولقادر سەعید

سلێمانی

ئەو تەمەنی بابردەڵەی
پاسەوانی گوندی یاخی و لوتکە شاخی سەرەڕۆ بوو
لە کەندرِی قەد پاڵێکدا تەمەنی جوانی بەجێما
رەشەبای شاخ چرای گەشی چاوەکانی کوژاندەوە
ئێستا پیرەمێردێکی ریش سپی پشت کۆماوەی
کروشکە کردووی ئێوارانی چاخانەیەکی باشورە
سەری پرە لە سەرگوزشتەی بەردین و
دڵی پرە لە کورِوزانەوەی مناڵ و
دەستی پرە لە قژی ئالۆسکاوی ژن
لەو چیرۆکانەی دیونی و لەو چیرۆکانەی بیستوونی.....
درەنگانێ بەرلەوەی وادەی مزگەوت بێ و
چایچی دەرگای چاخانە سیخناخەکەی خۆی دابخا
دەکەوێتە گێرانەوەی چەند چیرۆکێکی بەتام و
چاو دەبرِێتە دەموچاوە تامەزرۆکانی خەڵك و خوا

**(ئێوارەی یەکەم)**

ساڵ بەهارێکی درەنگ بوو
یەکەمجاربوو بەفرو شاخ و کورد ببینم
هەستم ئەکرد قسەی جنۆکە تێکەڵە
بەزبانی ساناو پاراوو شیرینم
دەمەو ئێوارە گەیشتین
بەیانی زوو پەلاماری چەند گوندێکی نوستومان دا
نێرومێمان هەڵاوێردکرد
کورِگەلی دێ و کچگەلی دێ و
مناڵانمان جیاکردەوە
ئەوەی لەو رۆژەم بیرمابێ
لەوکاتەدا هەر بۆ خۆشی
لەسەر قروسکەی تولەیەك
لالانەوەی پیرەمێردێك
لەسەر ئەڵقەی پەنجەی کچێ
کراسی ئاودامانی ژنێ
کەڵەمستەمان ئەکردو گرەومان لەیەك ئەبردەوە.

**(ئێوارەی دووەم)**

ئەو رۆژە پێکەنینیانەم بیر ناچێت
هەرکە زرێپۆشەکانمان بەناو دێدا کەوتنە سەما
ترس گەڵای پەلوپۆی گشت درەختەکانی هەڵوەراند
پەلەوەری دێ بەدەنوك شاباڵی خۆیان هەڵکێشا
بەهێمای پەنجەیەکی گەورەکەمان
گوندی تۆقیو بو بەدوکەڵ و سوتوو

لە ناو لرفەو دوكەڵی هاژەكردوودا
چاومان لێبوو پۆل پۆل كچانی هەڵوەدا
تا جوانیان بشارنەوە بەهەردوودەست بە پەلەپەل
زوخاوی گوندی سوتاویان
لەگەردن و دەموچاوی لۆكەیی خۆیان هەڵدەسوو

**(ئێوارەی سێهەم)**
زۆربەمان هاوشاریی یەك بووین
هەموو برای دینی و گۆشكراوی
یەك زمان و
یەك قورئان و
یەك لایلایەو
كوڕوكاڵی یەك دەڤەر بووین
ماڵمان لە سەر لوتكەی شاخ بوو
تەنیا چیای سەر بەهەور هاوسێمان بوو
وێرانە خاك نەیدەناسین
هەر رەشەبا دیاری تەرزەی بۆ دەهێناین
جارێ بەباران دەیشتین
جارێ بێری سەری هەمووانی دەرفاندو
توڕەش بوایە پەڵەبەفری چیایەكی
بەرزتری تێ دەگرتین
ئێمە شەوان بەدەم باسوق خواردنەوەپاڵ ً دەكەوتین و چەند كوردێ
خەڵكی گوندە سوتاوەكەی تەنیشتمان
تابەیانی پاسەوان بوون
گۆرانیان بۆ جوانی باڵای ژنی كوردو
تامی ژنی كوردستانیان بۆ دەوتین

**(ئێوارەی چوارەم)**
ئەم ئێوارەیە بەتەنها هەر
پیاوی سەر كورسیە لەرزۆكەكەی
دوێنێ و پێرێ و بەسر پێرێی لێ نەبوو
شەقام چۆڵ و هۆڵ هەڵگەرا
شەو دائەهات و بەسەرهات سەرەتابوو
ئەوەی ئەوێ و ئەوەی ئێرەو ئەوانیش گشت
تامەزرۆبوون شەو نەڕوات و چیرۆكەكان بگێرنەوە
چونكە بیرەوەری هەر یەكێكیان
بۆ چەند ساڵێ
چەند وەرزێ
چەند هەفتەیە چەند رۆژێ
راوچیەك بوون دەست بە چەقۆ، دەم بە نەفرەت، تفەنگ لە شان
بەدوای نێچیری پێشمەرگە
یان ژنێكی برا یاخی
یا قەڵەمێكی زیتەڵە ـــ یان
راوكردنی كچێكی جوان